
# من.. فان کوخم




و: هەورامان وریا قانع

دانەری ئەم کتێبە خاتوو "ئێزابێل کۆهل"ی پرۆفیسۆرە کە لە زانکۆکانی ئەڵمانیادا مامۆستای مێژووی هونەرە. ئەم خانمە لێرەدا وێنەیەکی زیندوو دەربارەی "فان کوخ"ی مرۆڤ دەخاتەڕوو، ئاشکرایە "فان کوخ" لە میانەی تابلۆ نەمرەکانی کە لە چەند ساڵێکی کەمدا دروستیکردن، هەمو پرۆگرامو شێوازەکانی هونەری سەدەی نۆزدەهەمی گۆڕی. ئاخۆ ئەم هونەرمەندە بلیمەتە کێیە؟

دانەری کتێبەکە بەم شێوەیە وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە: هەندێ کەس پێیان وایە گرنگترین هونەرمەندە لە هەموو مێژووی ئەوروپادا، نەك بە تەنها لە سەدەی نۆزدەهەمدا. هەندێکی دیکە پێیان وایە لەگەڵ "مۆنییەو ڕێنوارو بیکاسۆ و سلفادۆر دالی"دا گرنگترین هونەرمەندی سەرجەم سەدەکانە. گەرچی "فان کوخ" تەنها 37 ساڵ ژیا، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا توانیی شۆڕشێك لە بواری وێنەکێشان، یاخود

وەك ئەوەی ئێستا پێیدەڵێن هونەری شێوەکاری، بەرپاکرد، کۆمەڵێ تابلۆی نایابی دروستکرد کە لە ئێستادا بە ملیۆنان دۆلار دەفرۆشرێن، کەچی لەکاتی خۆیدا "فان کوخ" بەدەست برسییەتییەوە دەینالآند، بێ ئەوەی بناسرێ‌و لەزەت لە ناوبانگو مەزنییەکەی ببینێ کۆچی دوایی کرد.

"فان کوخ" ساڵی 1853 لە گوندێکی بچوکی هۆڵەندە لەدایکبووە، ساڵی 1890 لە گوندێکی فەرەنسا ماڵئاوایی لە ژیان دەکات، وەك وتمان ئەوەندە نەژیا چێژ لە ناوبانگو بلیمەتییەکەی وەربگرێ، چونکە ئەو پێش ئەوەی خەڵکی بیناسن‌و بزانن کێیەو لە مەزنی‌و بلیمەتییەکەی تێبگەن، کۆچی دوایی دەکات. ئەوە "فان کوخ" بوو ڕێبازی ئینتباعی لە هونەردا هێنایە ئارا، پێش ئەوەی ئەم ڕێبازە هونەرییە لەسەر دەستی هونەرمەندان "ڕێنوار، مۆنییە، مانی"و ئەوانی دیکە لەدایکببێت، یاخود بڵێ ئەوە "فان کوخ" بوو ئەم ڕێبازەی لە ئامێزگرت‌و دواتر تەجاوزیشی کرد.

"فان کوخ" لە خێزانێکی بۆرجوازیی ڕەسەن کە بنەچەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شازدەهەم‌و سەدەی حەڤدەهەم لەدایکبووە، برا گەورەی هەر شەش براکەی بووە، بەڵام "تیۆ فان کوخ" کە چوار ساڵ لە "فان کوخ" بچوکتربوو، لە مەسەلەکانی ژیاندا لە "فان کوخ" بەهێزترو سەرکەوتووتربووە، بۆیە دواتر ئەم برا بچوکەی چ لە لایەنی مادییەوە یاخود لە لایەنی مەعنەوی‌و دەروونییەوە یارمەتییەکی زۆری "فان کوخ"ی داوە، وەلێ دواتر لەبەر هەندێ هۆکاری شەخسی پشتی تێدەکات‌و دەستبەرداری "فان کوخ" دەبێت، دواتر باسی ئەو هۆکارانە دەکەین.

"فان کوخ" ساڵی 1876، واتە ئەو ساڵەی تەمەنی تەنها 23 ساڵ بوو، هەستیکرد لە ژیاندا ئەرکێك یان پەیامێکی ڕۆحی‌و ئەخلاقیی لەسەرشانە‌و دەبێ بیگەیەنێ، بۆیە پەیوەندیی کرد بەو کرێکارە کلۆڵ‌و داماوانەی لە ناوچەی کانەکانی خەڵوز لە بەلجیکادا ئیشیاندەکرد. لەوێ ڕێنمایی ئەو کرێکارانەی دەکردو ڕێگای ڕاستی پیشاندەدان‌و پرنسیپەکانی ئایین‌و ئیمانی فێردەکردن، کاتێ یەکێك لە کرێکارەکان لە قووڵایی کانێکدا کۆمەڵێ شتی بەسەردا بەردەبێتەوە، "فان کوخ" دەگاتە سەری‌و ڕزگاری دەکات. ئیدی دەستیکرد بە هێرشکردنە سەر خاوەنکارەکان کە نەبوونی‌و نەهامەتیی کرێکارەکانیان ئیستیغلال دەکردو پێی وتن: ئەمە پێچەوانەی ئینجیلە، ئەم ئیستیغلالکردنە هەرگیز قبووڵ ناکرێ، تەماشای خێزان‌و منداڵەکانیان بکەن لە چ نەبوونی‌و هەژارییەکی کوشندەدا دەژین. لێرەوە بۆرجوازییەکان "فان کوخ"یان بە پیاوێکی گێرەشێوێن، بگرە بە پیاوێکی شۆڕشگێڕی مەترسیدار لەقەڵەمدەدا، بۆیە لە ئیشەکەی دەریانکردو لە ناوچەکەیان دوورخستەوە، نەبادا کرێکارەکان لە دژیان هەڵگەڕێنێتەوە. وێنەی کرێکاری کانەکان بە هەموو هەژاری‌و داماوییەکانیانەوە لە یادەوەریی "فان کوخ"دا مایەوە، هەر هەموو ئەوانەش دواتر لە تابلۆکانیدا ڕەنگیداوەتەوە، لە هەندێ لە تابلۆکانیدا گوزارشتی لە ژیانی خەڵکی سادەو ساکار کردووە. "فان کوخ" هەموو کاتێ هەستیکردووە ئەو خەڵکە سادەیە زیاتر لە دڵو دەروونییەوە نزیکن، لە واقیعدا مەزنیی "فان کوخ" ئا لێرەدایە، تراژیدیای مرۆڤایەتی لە قووڵایی کارەکانیدا دەبینرا. دڵو دەروونی چەندە گەورەو فراوان بوو، هەستی مرۆڤایەتیی چەندە مەزن بوو، بەهەمان ئەندازەش هەستکردنی بە ئێش‌و ئازاری هەژارو نەدارو لانەوازەکان گەورەو مەزن بووە. لێرەوە "فان کوخ"ی مرۆڤ، تەنها وێنەکێشێکی مەزن نەبوو، بگرە پێش هەموو شتێك ئەو مرڤ بووە، ئەو زۆر لە "بیکاسۆ" مەزنتر بووە، چونکە لە "بیکاسۆ" مرۆڤانەتربوو، بەڵگەش بۆ ئەوە ئەوەیە "فان کوخ" لەگەڵ باوکی‌و خانەوادە بۆرجوازییەکەی کە خاوەنی دابونەریتێکی چینایەتیی جێگربوون، ناکۆك بووە. "فان کوخ" لەبەر ئەوەی تەنها هەژارەکانی خۆشویستووەو ڕقی لە دەوڵەمەندەکان بووەتەوە، باوکی دەریکردووە. "فان کوخ" زیاد لە جارێك لە مەسەلەی خۆشەویستیدا سەرکەوتوونەبووە، بۆیە هەستیکردووە لەم جیهانەدا کەسێکی غەریب‌و نامۆیەو ناتوانێ لەگەڵ چینەکەی

یاخود لەگەڵ خانەوادەکەی یان لەگەڵ کۆمەڵگەکەیدا بگونجێ.

"فان کوخ" هەستیکردووە خۆی لە لایەکەو سەرتاپای جیهان لە لایەکی دیکەیە. لەنێوان ساڵانی 1882-1883 لە شاری لاهای، بەشێوەیەکی باش هونەری وێنەکێشانی خوێندووە، لەهەمان کاتدا کتێبەکانی گەورە نووسەرانی وەك "بەلزاك، فیکتۆر هۆگۆ، ئەمیل زۆلا، چارلز دیکنز"ی خوێندووەتەوە. ئەو خوێندنەوانە بیروراکانی قووڵترکردو تا دەهات متمانەی بەخۆیو ژیانو بیروراکانی زیاتردەبوو. ساڵی 1885 لەپرێکدا ئیلهامی بۆ هاتو لە قووڵایی ناخیدا ئەو مەوهیبە مەزنەی وێنەکێشانی بۆ ئاشکرابوو، دەستیکرد بە دروستکردنی تابلۆیەك بەناوی (پەتاتە خۆرەکان)، ئەمەش یەکەمین کاری نایابی بوو، لەم تابلۆیەدا وێنەی هەندێ خەڵکی سادەی کێشاوە، کە خەریکی پەتاتە خواردنن. دوای ئەوە هەستیکرد بۆ ئەوەی تواناو بلیمەتییەکەی بەتەواوی بکرێتەوە، ناسینی پاریسو قوتابخانە هونەرییەکانی کارێکی پێویستە. ئاشکرایە لەو سەردەمەدا پاریس پایتەختی هونەرو جوانی بووە. ئیدی دەهاتە پاریسو لەنێوان ساڵانی 1886 بۆ 1888 تێیداجێگیربوو. خۆشبەختانە لەو کاتوساتەدا "تیۆ فان کوخ"ی برای ئەویش لە پاریس بوو، سەرپەرشتیی هەندێ گەلەری هونەریی دەکرد.

"فان کوخ" لەوێ زۆربەی هونەرمەندە بەناوبانگەو گەورەکانی ناسیو سوودی لە خۆیانو لە ئەزموونو تەقەنیاتە تازەکانی هونەری وێنەکێشانی ئەو هونەرمەندانە بینی، یەکێك لەو هونەرمەندە بەناوبانگانە "گۆگان" بوو. بەڵام "فان کوخ" ساڵی 1888 بریاردەدا پاریس جێبێڵێتو بروات بۆ خوارووی فەرەنسا، کە پرە لە رووناکیو سێبەرو دیمەنی سروشتیی دڵرفێنو نزیکە لە ناوچەی دەریای ناوەراست. ئاشکرایە هونەرمەندانی وێنەکێش پێویستییان بە رووناکیی تازەو دیمەنی قەشەنگ هەیە تاکو بتوانن تابلۆ نایابەکانیان بکێشن. لەبەر ئەوە هەندێکیان بەوەوە ناوەستن تەنها برۆن بۆ خوارووی فەرەنسا، بگرە لە دەریاش دەپەرنەوەو دەرۆن بۆ وڵاتانی مەغریبی عەرەبی وەك تونسو جەزائیرو مەغریب، چونکە لەو وڵاتانەدا رووناکی بەهێزترو سەرنجراکێشترە. وەلێ پێدەچێ هۆکاری ئەوەی "فان کوخ" پاریسی جێهێشت، تەنها ناگەرێتەوە بۆ ئەو حاڵەتەی سەرەوە، بەڵکو بۆ ژنهێنانی براکەی دەگەرێتەوە، کە لە سەروبەندی خۆئامادەکردندا بوو بۆ ژنهێنان. "فان کوخ" هەستیکرد ئیدی براکەی جێیدەهێڵێو لەمەولا خۆی بۆ خێزانەکەی تەرخاندەکات، "فان کوخ" چونکە تابڵێی کەسێکی حەساس بووە، بگرە بەشێوەیەکی نەخۆش حەساس بووە، بۆیە وەك وتمان بریاردەدا دوورکەوێتەوەو بروات بۆ خوارووی فەرەنسا. لەوێ لە شارێکدا کە پێی دەوترێ (ئارل) نیشتەجێ دەبێ، لە سەرەتادا زۆر سەرسام بووە بە شارەکەو کەشوهەواکەی، بەتایبەتی بە رووناکییەکەی، ئیدی بۆ ناسینی شارەکەو دروستکردنی دیمەنە سروشتییەکانی، بەتایبەتی لە وەرزی دروێنە یاخود لە وەرزی هاویندا، لەمسەرەوە بۆ ئەوسەری شارەکە بەپێ گەراوە. هەر لەبەر ئەمەشە تابلۆکانی پرە لە وێنەی کێڵگەو جوتیارو گوڵو گوڵزار. بەڵام پاش ماوەیەك هەست بە تەنهاییو دوورەپەرێزی دەکات، بۆیە بانگی "گۆگان"ی هاورێی دەکات لە پاریسەوە بێت بۆ لایو پێکەوە لە شاری (ئارل) بژین، هەر ئەوەشبوو رویدا، لەو شارەدا هەردووکیان پێکەوە دەستیانکرد بە دروستکردنی تابلۆ نەمرەکانیان. وەلێ بۆ نەگبەتی ئەو دووانە هەردووکیان زۆر عەسەبی بوونو لەسەر لێواری شێتبوون بوون.

جارێکیان دەمەقاڵێیەکی توند لەنێوان هەردووکیاندا دروستدەبێت، ئەمە وادەکات "فان کوخ" بەنیازی کوشتن پەلاماری "گۆگان" بدات، وەلێ خۆشبەختانە ناتوانێ ئەوە بکاتو سەرکەوتوونابێت، دوای ئەوەی هەڵچوونەکەی دادەمرکێتەوە، لە رێگەی برینی گوێچکەیەکییەوەو ناردنی بۆ سۆزانییەك، داوای لێبووردن لە "گۆگان" دەکات، بەم شێوەیە "فان کوخ" تەنها گوێچکەیەکی دەمێنێتەوە. لەو کاتوساتەدا

خەڵکی هەستدەکەن بە ڕاستی "فان کوخ" وردە وردە خەریکە عەقڵی لەدەستدەدات، بۆیە لە خۆیانو لە منداڵەکانیان دەترسان، خەڵکەکە سکاڵایەکیان پێشکەش بە دەسەڵاتدارانی گشتی کردو تێیدا داوای ئەوەیانکردبوو "فان کوخ" لە نەخۆشخانەی کەم عەقڵەکاندا بەندبکرێت. کاتێ مەسەلەکان گەشتنە ئەم ئاستە خراپە، "فان کوخ" بیری لەوە کردەوە خۆی بکوژێتو سنورێك بۆ ژیانی دابنێ، ژیانی بەهۆی نەخۆشییە دەروونییەکەیەوە کە لە ناوەوە دایرزاندبوو بووبووە دۆزەخێك. وەلێ خۆشبەختانە یەکسەر خۆی نەکوشت، دروست ئا لەو ماوەی نەخۆشکەوتنەیدا، بلیمەتییەکەی بەشێوەیەکی گەورە کڵپەی سەندبوو، لەسەر لێواری شێتبوون هەندێ لە تابلۆ نایابەکانی کێشا کە لە ڕیزی شاکارە جیهانییەکاندا دادەنرێن.

دواتر دانەر دەڵێ: هەر لەو ماوەیەدا کەسێك بۆ یەکەمجار تابلۆیەکی لێدەکڕیّو بڕی هەشتا فرەنکی پێدەدات، بەڵام ئێستا بە ملیۆنان دۆلار نافرۆشرێت، "فان کوخ" هەستی بە خۆشیو ئاسودەیی کرد، چونکە کەسێك گرنگیی پێداوە یاخود هاتووەو یەکێك لە تابلۆکانی کڕیوە. ئاخۆ ئەم هونەرمەندە زانیویەتی بلیمەتی سەردەمەکەی خۆی بووەو تابلۆکانی دوای مردنی بە سێسەد ملیۆن دۆلار بۆ یەك تابلۆ دەفرۆشرێن؟ مەسەلەکە هەرچۆنێك بێت، کاتێ براکەی زانیی نەخۆشییە دەروونییەکەی خراپتر بووە، هێنای بۆ پاریسو لە گەڕەکێکی کەناری جواندا ژوورێکی گەورەی بۆ گرت، داوای لە یەکێك لە پزیشکە دەروونییەکان کرد ڕاستەوخۆ سەرپەرشتیی نەخۆشییەکەی بکاتو بەپێی توانا چارەسەری بکات. بەڵام دوای ئەوە براکەی هەڵەیەکی کوشندەی کرد، براکەی تێیگەیاند حەزدەکات "فان کوخ" فەرەنسا بەجێبێڵێتو بڕواتەوە بۆ نیشتمانی دایك، هۆڵەندە. ئەوکات "فان کوخ" هەستیکرد بۆ جاری دووەم بە تەنها دەمێنێتەوە. "فان کوخ" لەبەر ئەوەی لەلایەنی دەروونییەوە لاوازبوو، پێویستی بە یەکێك بوو لای بمێنێتەوەو پشتی پێ ببەستێ، بۆیە ئەو قسەیەی براکەی وایکرد زووتر هەرەسبێنێت.

ڕۆژێکیان لە ئامێزی سروشتدا سەرقاڵی وێنەکێشان بوو، کەچی بە دەمانچە فیشەکێکی نا بە سنگی خۆیەوە، دوای دوو ڕۆژ لەو ڕووداوە، لە کۆشکی براکەیدا کە گریانێکی بەخوڕ بۆی دەگریا، گیانی دەرچوو، گریانێك دوای ئەوەی کار لە کار ترازابوو. ئا بەم شێوەیە ژیانی گەورەترین هونەرمەندی سەدە تازەکان کۆتایی پێهات، ئەو هونەرمەندەی چەندین تابلۆی نەمری کێشاوە، وەك کێڵگەیەك لە گەنم، ئاشە کۆنەکە، گوڵە سەوسەنەکان، شەوی پرشنگدار بە ئەستێرە.

**ناوی کتێب: من.. فان کوخم.**

**لە بڵاوکراوەکانی بریستیل بۆبلیشنگ/ لەندەن، نیۆیۆرک** 2006

**ژمارەی لاپەڕە:** 143 **لاپەڕەی گەورە.**

**سەرچاوە: بیان الکتب** 2007/10/10.